## پەراوێزێک لەسەر «شارەکەم سنە»ی مامۆستا حەقشناس

بنـزاری ڕەسەنی شاری سنە، بۆ خۆی شـێوەزارێکـی تایبەتـە. تـا ڕادەیـەک تایبـەت، کـە لەگـەڵ نزیـکـتـرین گوندەکانی دەوروبەری ـوەک «نایسەر» و «قەرەیان» و «نەنەڵە» و «حەسـەناوا»، بـە چواردەوریـدا، کـە ئێسـتا خەریکن تێکەڵ بە شار دەبن ـ بە ئاشکرا جیاوازە.

ئەم بـتراره لە باری زمانناسییەوە، چەند تایبەتمەندیی جێ سەرنجی هەیـە کـە بـێشـک بـۆ پاڵپشـتیی زمـانی یەکگرتوومان زۆر کارایە و بۆی هەیە کە لەم بوارەدا زیاتر بایەخی پێ بدرێ و باشتر بناسرێ. بۆ نموونە پاشـگری کۆی «گەل»، کە تایبەت بە سنەیە، هەر ئێستاش تـا ڕادەیـەک جـێ خـۆی لـە سـەر زار و قەڵـەمی بێـژەران و نووسەرانی خاوەن زەوقی کورددا کردۆتەوە.

ـ چۆن؟

ـ وەک دەزانین نیشانەی پاشگری کۆ لە زمانی یەکگرتووی کوردیدا، بـۆ ناسـراو «کـان» و بـۆ نەناسـراو «ان»ە. وەک: «کتێبەکان» و «کتێبان». بەڵام ئەگەر وشەکە بە نیشانەیەکی دەنگدار کۆتایی پێ بـێ، ئـەوجار بـۆ کـۆی نەناسراو، دوو پیتی دەنگدار لە پەنای یەک ناگونجێ و گرفتی دێنێ. وەک بۆ وشەی «نامە»، «نامەکان» دەگوترێ بەڵام «نامە ان» مان نییە و ناچار پیتێکی کپ وەک «ی» دەخرێتە ئەو نێوە و دەکرێتە «نامـەیان» کـە کرێـت و ناباره؛ یا پەنا دەبرێتە بەر زمانی فارسی و دەکرێتە «نامەها» کە ئەویش دیاره هـیچ ڕێ و جێیـەکی لـە ڕێزمـانی کوردیدا نییە؛ کەچی لە زاراوەی سنەدا «نامەگەل» زۆر ئاسایی و ڕەوان و بێگرفتە.

هەروەها بۆ وێنە لە چاوگی «چوون» بە مانـای «رفـتن»ی فارسـیدا، بکـردی «رفـتم» و «رفتـەام»، «چـووم» و «چوووم» دەنووسرێ؛ کە دووهەمیان دیسان گرفتی دوو دەنگداری لە پەنا یەکتری هەیە و جوان ناخوێنرێتـەوە. بەڵام لە بنـزاری سنەییدا بۆ دووهەمیان «چووگم»مان هەیە کە تەواوە و هیچ لێڵی و گرفتێکی نییە. نموونەی وا زۆرن؛ شاعیری گەورە و بێ وێنەی کورد نالی، دووسەد ساڵی پێش، باش هەستی بەم خاڵە کردووە و بەهرەی لە بنـزاری سنە بردووە. لە غەزەلێکیدا دەفەرموێ:

شێخم چ گەرمە حەڵقەیی زیکرت بە ڕەشبەڵەک حـاڵی ئـەمانە خۆ بە جەنابت موحـەووەلە

دائیـم لـە دووتـە مێگەلـی ژن، نێـرگەلـی پـیاو بەم ڕیشەوە لە پێشەوە **بووگی** بە سەرگەلە

جـوانی و دەسـەڵاتی بنـــزاری سـنە و هـۆی ئـەو دەسـەڵاتە، باسـێکی ورد و سـەربەخۆیە و دیـارە ئێـرە جێـی شیکردنەوەی ئەو وردەکارییە دوور و درێژە نییە.

***

ئەگەر ئاوڕێک لە ژماری دانیشتوانی شاری سنە لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا بدەینەوە، ڕاستییەکی جێ مەترسی بـۆ ئەم بنـزاره دڵبزوێن و بایەخدارە خۆی دەردەخا. پەنجا ساڵی پێش لەم شارەدا دەوری چلهەزار کەس دەژیان و بیست ساڵی پێش، نزیک لە چوارسەدهەزار! واتا لە مەودای بیست ساڵدا، بۆتە دەبەرامبەر. هۆی ئەم تەقینەوەیە دوو شتە: یەکەم کۆچی خەڵکی بێبەش و هەژار لە دێهاتەوە، لەبەر ناچاری و بـە هیـوای دەسـکەوتنی ژیـانێکی

هێندێک باشتر بۆ خۆیان و داهاتوویەکی نەختێک ڕۆشنتر بۆ منداڵانیان. دووەم ڕووتێ‌کردنی نامۆیان بە زەبری پێگەی باش و پارەی زۆر، بۆ گرتنەدەستی هەموو کاروباری خەڵک و دوورکردنەوەیان لە دەسەڵات.

ئەم کارەساتە، جیا لە دەرەنجامە نالەبارەکانی لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیارییەوە، بەڵایەکی گەورەیە بۆ گیانی بنـزاری ڕەسەنی سنەیی؛ بە شێوەیەک وای لێ هاتبوو لە شاری سنەدا، لە دە کەس کەسێک نەبوو بتوانێ بەو بنـزارە جوان و بەتوانە، ڕەوان و بێ‌گرێ قسە بکا و لە ڕستەیەکیدا چەند وشە و دەستەواژەی بیانی نەکەوێتە سەر زاری.

لە جەنگەی ئەو مەترسییەدا، واتا سەرەتای ساڵی ١٣٧٣ک.هـ. (١٩٩٤ز.) دەنگێـک لـە خیابـان و بـازاڕی شـاری سنەدا دەنگی‌دایەوە:

سنە! شارەکەم! شار شیرینم! بێشکەی لە دایک بوون! هەلۆرک ژینم! ...

دەنگێکی گەرم و دڵبزوێن، بە زمان و ئاهەنگێکی پوخت و پاراوی سنەیی، لە بەرگی شیعردا.

ـچۆن شیعرێک؟

ـ شیعرێکی زۆر بەقەوەت و قایم، لەسەر کێشی بیستبڕگەی چوارپارچە؛ ئاشناترین شێوە لەگەڵ گیان و ڕەوانی کورد و کوردستانیدا؛ تێکەڵ بە مووسیقا و مەقامی ڕەسەنی کوردی.

شاعیر لەگەڵ ئەوەدا کە زمانی، سنەییەکی یەکجار بێ‌خەوش و پاراوە، خاوەن بیرێکی قـووڵ، زەوقێکـی سـوار و هەستێکی یەکجار بەسۆزە کە بیسەر خواناخوا بەرەو خۆی ڕادەکێشێ.

«**شارەکەم سنە!**» کاری کارانەی مامۆستا **مەحیەدینی حەقشناس**، لە ماوەیەکی کەمدا سەری بە هەموو ماڵێکدا کرد و بوو بە دۆست و هاودەنگی هەموو خەڵکی دڵگەرم و خاوەن زەوق. ئەم دۆستییە تا ڕادەیەک چووە پێشەوە کە دوای ماوەیەک، تەنانەت لاوەکانیش بەیتـەکانیان لەبـەر کردبـوو؛ ڕاسـت وەک خـۆی دەیانخوێنـدەوە و پـێ دەگەشانەوە و بنـزاری سنەیان بە گوێ یەکتردا دەداوە.

بەڵێ، ئێستا «شارەکەم سنە»ی مامۆستا «حەقشناس» لەگەڵ هەموو ناسـکی و نەرمیـدا، وەکـوو کۆڵـەکەیەکی یەکجار قورس و پتەو، بەڵگەی مانەوە و نەفەوتانی تاهەتایی شێوە ئاخافتنی سنەیی ڕەسنە.

لە سنەوە، براتان: **ماجد مەردۆخ ڕۆحانی**

# بیوگرافی مامۆستا موحیەددینی حەقشناس

شاعیری ناسکخەیاڵ و مامۆستای پایەبەرز، موحیەددینی حەقشناس، ڕۆژی **٢٢**ی بەفرانباری ساڵی **١٣٠٣**ی هەتاوی لە گەڕەکی قەتارچیانی شاری سنە هاتە دنیاوە. وەکوو هەر منداڵێکی تری ئەو سەردەمە، لە سەرەتای منداڵییەوە بۆ خوێندن ناردیانە مەکتەبخانە و خوێندنەوە و نووسین بە زمانی فارسی، پێ فێر کرا و ڕەشخوێنی گوڵستان و بووستانی سەعدیشی کرد. دوای مەکتەبخانە، ناردیانە مەدرەسەی فەرمی و پاش چەن ساڵ خوێندن، دیپلۆمی وەرگرت و ساڵی **١٣٢٢** لە وەزارەتی پەروەردە دامەزرا و وەکوو مامۆستای پۆلی سەرەتایی چووە کرماشان. ساڵی **١٣٢٧** گەڕاوە بۆ زێدی خۆی و خەزەڵوەری هەمان ساڵ ژنی خواست و وەک خۆی دەڵێ: «لەگەڵ فریشتە خانمی هاوسەری بوونە ماڵ».

هەر لەو سەروبەندانەدا لەگەڵ رادیوی سنە هاوکاری دەس پێکرد و لە بەرنامەی رادیویی «شعر و سخن شیرین» (شێعر و وتەی جوان) شیعری خۆی خوێندەوە. شێعرەکانی هەر خێرا بوونە وێردی زمانی هەموان و خەڵک وەکوو شاعیرێکی باش ناسییان.

مامۆستا حەقشناس جگە لەوەی بە زمانی کوردی شێعری داناوە، هاوکات شێعری جوانی زۆریشی بە زمانی فارسی هۆنیوەتەوە. هێندێک لەم شێعرانە –کە زۆرتر داگری ڕەخنەی ڕامیاری ـ کۆمەڵەیەتی بوون– لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکانی ئەو دەم، بە تایبەت ڕۆژنامەی «*پارس شیراز*»دا چاپ کراون.

هەر بە هۆی ئەم شێعرانەوە بۆ ماوەییێک دوور خرایەوە بۆ شاری هەمەدان؛ بەڵام لەوێیش بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی باباهێر و بەم جۆرە، درێژەی بە چالاکی و هەوڵە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دا .

مامۆستا حەقشناس پاش کوودەتای ساڵی **١٣٣٢** ک.هـ. ماوەیەک گیرا و کە لە زیندان دەرهات، زۆرتر کاتی خۆی لەسەر نووسین و هۆنینەوەی شێعر، بەتایبەت مەنزوومەی «*شارەکەم سنە*» دانا و تا ڕادەیەکی زۆر، لە سیاسەت دووری گرت.

مامۆستا حەقشناس سەرەنجام لە **٢٣**ی ڕەزبەری ساڵی **١٣٩٢** ک.هـ. گیانی پاکی لە دنیای خاکی دەرچوو.

لە سنەوە، براتان: **ماجد مەردۆخ ڕۆحانی**